# خەمی ئەبەدی جیهان و ئەوی دیکە، لە ئوستورەوە تا جیهانی وانموود

## لە چیرۆکی کوردیدا چۆن ئاوێتەی زمان ئەبێ؟

چەند یاداشتێک لەسەر کورتەچیرۆکەکانی

شەشەمین فستیوالّی چیرۆکنووسانی رۆژئاوای ولاّت لە بانە

نووسینی: سالّح سووزەنی



(١٣)

جیهانی مۆدێرن بە هەموو دەبدەبە و کەبکەبەیەوە ، بەهەموو کەشف و ئیختراع و دەزگاکان و چەکەمەنی و تەقەمەنییەوە..، لە ناسینی مرۆڤدا بەداخەوە زورجار تۆشی کێشەی زەبەلاح دەبێتەوە و ناچارەبووە بۆ ناسینی زێدە تر بگەڕیتەوە بۆ ئوستوورەو ئارکیتیپەکان و لە هەمووی گرینگتر هونەر و ئەدەبیات

هونەر و ئەدەب بەگشتی بە هۆی هێزی خولقانی نواندن و وانواندن ووانموود رەنگە هەموو سووچ و قوژبنەکانی دەرەکی و ناوەکی /واتە زێهنی / مرۆڤی پشکنیوە و لە پشکنیندایە وهەر بۆیە زۆربەی زانایان و فەیلەسووفان و رەوانناسەکان و تەنانەت مێژوونووسان کاتێ لە نموونەهێنانەوەدا دۆشدائەمێنن لە هونەر و ئەدەب نموونە ئەهێننەوە؛

راستە چیرۆک بە شێوەی راستەوخۆ ئاوێنەی ژیانی واقیع نیە بەلاّم واقعی ترین ئاوێنەیە ئەگەر وەک یۆنگ ئاوێنە بە نمادێک بزانین لە ناخودئاگای مرۆڤ بەگشتی ..ویرجینیاولّف ئەلّێ:« بۆئەوەی لەژیانی واقعی بگەن هەر ئەوەندە بەسە کە ئاوڕ لە زێهنێکی تەنانەت ئاسایی رۆژانە بدەنەوە و بزانن چۆنە؟ لەگۆشە و کەنارەوە ئەوەند ئاشە وپاشەی تێدەڕژێ..ئەو لەم ئەدا و ئەم لەو و بابەتێک دەبێ بەسەرەکی و ئەویدی بە ڕەمەکی و دواجار بە پێچەوانەوە..ئەو جێگۆڕکێ و ئالّوگۆڕە بەردەوام درێژەی هەیە و تەنانەت لەچرکەکانیشدا دەگۆڕدرێ و ..» ئەو ئەلّێ ئەگەر مرۆڤێکی ئازاد بیت نەک بەردە یان عەبدێکی دەسەلاّت..ئەگەر بتوانیت ئەوەی کەخۆت هەلّیدەبژێری بینووسی و ناچارنەبی هەر ئەوشتەی بنووسی کە سەپێندراوە بەسەرتدا، ئەگەربتوانی بینای بەرهەمەکەت بەسەر هەست و سۆز و زێهن و وەرگرتنەکانیخۆتەوەدامەزرێنی نەک بەسەر دابونەریت و بەرنامەکاندا، ئەوسا لە سەرانسەر چیرۆکەکەتدا هیچ نیشانێک لەوجۆرە گەلاّلە و چیرۆکە بەناو واقعییانە نابینی..ژیان خۆ زنجیرە چرای درووشکە نیە کە هاولفی یەکدی بیانرازێنینەوە..ژیان خەرمانەیەکی پرشینگدارە، پەردەیەکی نیوەزۆلاّلە کە دراوە بە سەر ،لەمندالّیمانەوە، واتە سەرەتای هۆشیاری، تا دواچرکەکانی تەمەنماندا و ئەرکی چیرۆکنووسیش ئەوەنیە کە ئەو رووحە، ئەوچەمکە رەنگالە بێدرگاو

پەنجەرەیە ، بە هەمووئالۆزی و هەڵە و پەلەیەوە، بەوهەموو تەم ومژەیەوە کە زۆرجار دێتە نواندن..بە یەکجاری بگۆزێتەوە لای خوێنەر..»چیرۆکگەل «داڵغە» و«شایەت» بەدوای ئەم شێوە نووسین و رەوایەتەوەن؛ هیچ شتێک بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە ئاگاوناخودئاگای دەقدا مەنگ و وەستاو نیە.... ئەم ئەو وەبیر دێنێتەوە و ئەو شتێکی دی و لە کۆتاییدا ئەوەی وەک دەق دەکەوێتە دەست خوێنەر ئەڵێی نووسینی خۆیەتی..بەو جیاوازییە کە لەو وەبیرهاتنەوانەدا/تداعی معانی/لە **داڵغە** دا پاولۆف و سەگەکەی دەسەلاتدارن و لە **شایەت** دا فرۆید...

کورتەچیرۆک رەنگەوەک غەزەل هێند یاسا و رێسای دەست وپاگیری نەبێ، بەلام لەناو ژانرەکانی دیکەی ئەدەبدا تاکرەهەندترینە.واتا زێدەتر جەخت دەکاتەسەر یەک ئامانج.. بەو جۆرەی کەیەکەم تیۆریدانەری ئەم ژانرە دیاری دەکا؛ وشەبەوشەی چیرۆک لەخزمەت گشتێتی دەقدایە بۆوەی زۆرجاران کەمترین و بەرواڵت بچووکترین دیاردە ئەتوانێ گەورەترین دەوری هەبێ..

همینگوێش لای‌وایە یەکەم شت کە دەبێ چیرۆکنووس بیزانێ حەشاردانی زانیارییە و کەڵکوەرگرتن لەدیالۆگ بۆ دەربڕینی مانای تر، بۆوێنە کەڵک وەرگرتن لە وتوێژ لەمەڕ پشیلەیەک کە لە باراندا گیریکردوە دەبێتە ئاناتۆمی پێوەندی نێوان ژنومێردێک....

من نامهەوێ ئەوەند لەم ولەو نموونەبهێنمەوە بۆوەی بڵێم کورتە چیرۆک چیە؟ بەس یەک نموونە لە دەقێکی ئاپدایک /وەرەقی بەرەندە کە دواچار لە رۆمانی راکە کەروێشک‌یش دا دێتەوە/ دینمەوە بۆ ئەوەی ئەزانم پێناسەکەی کانتیش لە داهێنەری دەگرێتەوە؛

**«کەروێشک لەگەڵ قەشەی ناوچەکەیان خەریکی یاری گۆلفە، ئەم یارییە بیانوویەکە بۆ دەربڕینی هۆکاری جیابوونەوەی لە ژن ومنداڵەکانی..کەروێشک لەگوشارایە کە بۆ بێئوقرەیی دەروونی خۆی چۆن ناوێک بدۆزێتەوە؟ بەلام جگە«ئەوشتە»/وانێک/ هیچی دیکەی بۆ نایەت. قەشە هەنێ گاڵتەی پێدەکا و کەروێشک ئەڕەنجێنێ. هەر لەوکاتەدا لەوپەڕی سەرسووڕماندا زەربێکی هێن بەجێ وبەهێز ئەدا لە تۆپەکە..ئەو زەربە قسەی تیانەبوو و تۆپەکە بەحەواوە هەر دەڕوا..کەروێشک رووئەکاتە قەشە و ئەڵێ: ئەمەیە ..ئائەمە ئەڵێم!»**

بەراستی چیرۆکیش لەو کاتانەدا پێناسە دەکرێ..مەبەستم ئائەمەیە ئەم چیرۆکانە!

**(١)**

ئەگەر چیرۆک ، رۆچوونێکی زمانی بێ بەناو دەروونی کەسایەتی ،لە کات و شوێن و رووداوی تایبەتدا ، بۆسازکردنی شوێنیدیکە و هەلاتن و دەربازبوون لە زمانی دەسەلات و فەرامۆشی و نامۆکردنەوەی جیهانی واقیع و نووسینەوەی قاشگەلی زێهنی و...ئەوسا چۆن جیاوازی دەکەوێتە ناو ئەو هەموو چیرۆکەی کە تا ئێستا نووسراوە و لە پەسا دەنووسرێ؟

**«لیڤەکەی بە گەرمای لەشی کچە بچکۆلەکەیاندا دایەوە و ئەمجار دەنگی لەسەر جێگا دانیشتبوو..**

**بای دێ بای سێسەدو شەست و پێنج حەسرەت، بای سێسەدو شەست و پێنج فەرامۆشی، بای سێسەد شەست و پێنج رۆژە..»**

چیرۆکی «با» سلێمان دڵسۆز

راستییەکەی ئەوەیە کە **زمان** گرینگترین دەور ئەگێڕێ و هەموو جیاوازییەکان لە رووبەری زمانەوە ئەنوێنرێتەوە. بۆوەی زمان /وەک سیستەمێکی نیشانەیی/ گەورەترین دەسەلاتدارە لە

وانموودسازی‌دا و چیرۆک ڕەنگە بەشێکی بچووک یان با بڵێین سەرێکە لە هەزاران سەری ئەو دەعبا هەزارسەرە/ ڕەنگە وێنەکەم وێنەیەکی نەرێنی بێ بەڵام «ز»ی لە زێهنی زەردەواڵەوە ئەزرێ ئاخر؛

**زمان بەدبەختی کردووین باوان!**

چیرۆک بە کەڵک وەرگرتن لە **دەسەڵاتی چەندشێوە نوێ‌ی زمان** بەردەوام هەوڵ ئەدا خۆی نوێ و تازەتربکاتەوە و لە مێژووی خویدا /کە دەبێتە مێژووی مرۆڤایەتیش/سەرەتا ئوستوورەکان دەنووسێتەوە، بۆوەی ئوستوورە بەڕواڵەت جیهانێکی ناواقیعە و سەرەتاکانی خۆدەرخستنی زمانە وەک سیستەمێکی وانوێن ساز؛

**«کراسێکی لەبەردایە لە پێستی سێسەد بەبری مێ..ماڵێک کە لەناوەوە بەخۆی رووناکە و لە دەرەوە بە ئەستیران رازاوەتەوە..ئاناهیتا بەسەر خولەک/گەردوونە/ی خۆیەوە دانیشتووە و لەغاوی ئەسپەکانی بە دەستەوەیە»**

ئاوێستا، ئابان یەشت، بەندی ١٠١ و١٠٢

لە ڕەوایەتی فارسی داراب‌هورمزیەزد دا هاتووە؛

**با فریوی شەیتان و دۆستەکانی دەخوا و زریانێکی گەورە دەنێتەوە..داری گەورەگەورە و چیای بەرزبەرز هەڵدەکەنێ بەڵام دەرەقەت گەرشاسبی پاڵەوان نایی..»** اینها و افسانەهای ایران و چین. ج.ک.کویاجی. جلیل دوستخواه

بەنموونەئەتوانین بڵێین ئوستوورەکان زۆربەی ئەوچەمکەسەرەکیانە لەخۆدەگرێ کە زێهنی مرۆڤ لەدرێژەی تەمەنی چەندهەزارساڵەی خویدا بەرەورووی بۆتەوە وزمان و نیشانەش بەردەوام نوێی کردۆتەوە وهێناویەتە سەردەمی مە!

**«دەڵێن ئەمشارە با هێناویەتی، لە سەردەمانی کۆنی مێژوویی‌دا لە زنجیرە چیاکانی قەفقازەوە هەڵیکەندوە و بیئەوەی بیڵێ دیوار یان شووشەیەکی درز بەرێ بەخۆی هێناویەو لێرە دایناوە..»** ماڵی بەربا/سلێمان دلسۆز

کەوایە ئەوە چالاکی زمانە کە پۆلێن‌کاری لەسەر دەکرێ وچیرۆک و بەگشتی ئەدەبیات دەخاتە پۆلێن بەندییەوە نەک ئەوەی کە چیرۆکێک رێئال یان مێژوویی ویان زێهنی و بەرواڵەت ئاشەوپاشە بێ؛

«با» دەرەقەت گەرشاسب نایێ هەرواکە دەرەقەت چیرۆکنووسی ماڵی بەربا نایەت و ئەنجام قەڵەمەکەی رزگاری‌دەکا..بای ئوستوورەیی لە زمانی ماڵی بەربادا تەنیا نامۆکراوەتەوە وبۆتە بای حەسرەت و فەرامۆشی و هەر ئەو ئاڵوگۆڕە لە زمانی چیرۆکەکەدا سەرلەبەری رواڵەتی چیرۆکەکە دەگۆڕێ و لەگەڵ ئەوەی‌دا کە دەیکاتە چیرۆکێکی سەمبولیک، ئەو وزەش ئەداتە دەق کە لەروانگەی بیرەوەری و فەرامۆشی‌یەکەی «پول‌ریکۆر»یشەوە بخوێنرێتەوە. خوێنەری ئاسایی ڕەنگە ئەمە بە ناوەرۆکی چیرۆکەکە وەربگرێ کە – هونەر و قەڵەم کەوتۆتە خزمەت پاراستنی ژیان – بەواتایێکی‌تر« ئەگەر بریارە هونەر وژیان یەکیان بمرن، با هونەربمرێ» کە سەردەمانێک دروشمی سەرەکی ریالیسمی سۆسیالیستی بوو..بەڵام ڕەخنەگر ئەو لایەنەی ئەخوێنێتەوە کە نووسین ڕەنگە تەنیا و باشترین بەرەنگاری بێ دژی حەسرەت و فەرامۆشی و ئەزقەزا گەورەترین چەکە دژی خەمی ئەبەدی ژیان کە ئەمە بەراستی پێچەوانەی وەرگرتن و خوێندنەوەی خوێنەری ئاسایی‌یە لەو چیرۆکەو ئەم پارادۆکسە تەنیا لە زمان‌دا هاتوتە نواندن؛ لیفەکە نادرێ بەسەر کچەبچکۆڵەکدا/کە ڕەمزی بیرەوەری وبەرەی ژیانی مرۆڤە، بەڵکوو ئەدرێ بەسەر گەرمای لەشی کچەکەدا بۆ ئەوەی «با» هاتووە گەرمای بیرەوەرییە خۆشەکان/کە دژی بای فەرامۆشییە/بەرێت

بەلاّم قەلّەم کە ڕەمزی نڤیسارە و لەو چیرۆکەدا بەدەست نووسەرەوە بۆتە ڕەمزی ئەدەبیاتیش ،نایەلّیّ ئەو تۆزە گەرمایەش بەریّت..ئەم دەقە بە ئالّ وگۆڕکردنی قاشە زیّهنییەکانی کوڕ و باوک وژن و نووسەر میّژووی مرۆڤایەتی دیّنیّتە ناو مالّیّکی بچووکی بەر«با»:

«**خیّرا ئاوریّکم**../لە زمانی ڕاوی چیرۆکنووسەوە/**خیّرا ئاوڕیّکی دایەوە و من بە پەلە چاوەکانم نووقاند لەدلّی خۆمدا گوتم: نەوەک وەبزانیّ وەخەبەرم**» مالّی بەر با/ لەقاشی زیّهنیی کوڕەکەیەوە

ڕەنگە تەنیا بەم ڕستەیە یان باشتروایە بلّیّم بەم قاشەبچووکە زیّهنییە دەق ئەیهەویّ بلّی لە میّژووی دریّژ خایەنی بەر با دا ئەوە بەرەی نوّییە کە بەردەوام بەرەی پیّشووی لەبەرچاوە و بە پیّچەوانەوە ئەوە باوک یان بابلّیّین بەرەی کۆنە کە بەرەی نویّ بەوی دیکە و نووستووی دەزانیّ و بەردەوام قسەی بای تووڕەی سالاّنی پیّشووی بۆدەکا وفیداکاری خۆی وەک باوک و پالّەوان..و وازانیّ ژن و مندالّەکانی نووستون و کەمتەرخەمن؛«چ کەمتەرخەمە ئەوژنەی من» بەلاّم لە قاشی زیّهنیی ژنەکەدا نەک قەلّەمیّک، کە لەزیّهنی باوک ـ نووسەردا بۆتە هەموو سامانی و ئەیهەویّ بزانێ **ئەو قەلّەمە ملباریکەی، چۆن بکاتە چەکی هیوا**؟ /سووزەنی/، بەلّکوو دەیان قەلّەم و خودکار وخودنویس دەبێ ببێ و وەک قابلەمە لەسەر یەک هەلّیان چنێ و لەکاتی پیّویستدا شەڕەبای پیّبکا

**ئاخر ئەم با باوەکوو بەردەوام ڕان وملوگەردن ورد وخاش دەکا کەچی ئەمشارە با دەیگێڕێ وحەزئەکا بەردەوام ئەو بلّیّنەوە!**

«مالّی بەربا» بەراستی باش هاتۆتە رووبەری زمانەوە و وەک زۆرێ لەو چیرۆکە ساوایانە نییە کە یان دروشم ئەدەن یان دەکەونە نقاندنی فۆرم وکلیشەی تکنیکەوە. هەر بۆیە بە دەیان بۆچوون و ڕاڤەکاری سەردەمانەی لیّهەلّدەکرێ؛

«**با وشەکانی سانسۆر دەکردم و لە بیچمی پیاویّکی تولەرشەدا هەتا ناوقەد لە گەرمای مالّەوەمان دەهاتە ژوور..وەک جەنگاوەریّکی تیّک شکاو سەرم وسەر ئەژنۆمدا شۆڕکردەوە و وەک جەنگاوەریّکی وەغیرەتکەوتوو غارمدا تەقەی درگاکە و چۆکم توند لەسەر سیگی دادا با ئیتر لە پشت دەرکەکە پەلەقاژەی بوو**»

دەلالەتی زمانی بۆ وەسلّبوونی ئەم چیرۆکە بە ئوستوورەو میّژوومانەوە هەمان دەسپیّک و کۆتایی مالّی بەر با و ئوستوورەی با یە:

«**گەرشاسبی جەنگاوەر بای بەدخوازی تێکشکاند و چۆکی نا سەر سیگی وبڕیاری لیّسەند کە ئیتر دەست لەکاری ئەهریمەنی هەلگرێ**»

سەرچاوەی پیّشوو. گفتار پنجم. لا ١١٤

مالّ بەربا بە دەستتیّبردنی زمانی و هیّنانەگۆڕی فۆرم و تکنیکی زمانی کورتەچیرۆک ئەفسانەی با دەگویّزیّتەوە بۆ سەردەمی مۆدیّرن و دژی ڕەشەبای فەرامۆشی قەلەم دەکاتە ڕەمزی بەردەوامی ژیان؛

«**سامانی من قەلّەمێکە و زمان و هەزاران لاپەڕەی نەنووسراو**»

وەک گوترا ئەوەکارکردی زمانە کە ویتگوشتاین گوتەنی یارییەکان لە یەکدی جویّدەکاتەوە، ئەگینا ئەو ئەفسانە و مالّی بەر با و ئەم کۆپلە شیعرە یەک ناوەرۆکیان هەیە:

**/لەگەلّ با نەبووین**
**نەچووین سەرشیّتانە**
**ئەوان با بردنی و مردن**
**ئیّمەیان سووتان و مان/**

درۆکانی موقەددەس/سووزەنی/

رۆمانێک پێش لە مردن»یش بە زمانێکی بە رواڵت نائاسایی/واتە من لە سێ گۆشەنیگاوە دێتە دەربڕینی خەمی ئەبەدی جیهان و خیانەتی ئوستوورەیی؛

ئەم چیرۆکە بە کەڵکوەرگرتن لە فۆرم وتکنیکی چیرۆکی سەردەم واتە منۆلۆگ،گۆشە نیگا،شکاندنی کات ودەربڕینی ئوستوورەیی ومێژوویی بە زمانی ئیجاز و قاشگەلی زەینی و زمانی رەوایەتی پێشوو خو دەکێشێتە ناو چیرۆکی سەردەمەوە؛ ناوەرۆکی چیرۆکەکە لە کۆنترین ئوستوورەکانەوە کە رەنجی لەمێژینەی پرۆمتەبێ یان عیسا و خیانەتی یەهوودا یان حەللاج و مەمی بۆتان و پێشەواوە هاتووە و نوێ نیە. بەڵام ئەوەی ئەم چەمکەبەرواڵت کۆنەی ئاپدەیت/ up date/ کردوە، دیسان زمانە کە هیچ دەرەقەتی نایەت؛

**گۆشەنیگا**؛١ –١ من لە نیگای سێهەمکەسی تاکەوە/واتە قازی و خەڵکی رەشۆکیەوە:

**ئەو کابرایە بە پێی تاقیق و لێکۆڵینەوەکانی ئێمە دەرکەوت کە لە هاورێکانی «ئەوە»**لیرەدا جەخت ئەکەمە سەر ئەم ئەوە/و **حوکمی ئێعدامی بۆ دەرئەبڕین**

«**ئەو**»لێرەدا جۆرە راهێڵان /تعلیق/ێک سازدەکا کە لە درێژەی چیرۆکەکەدا بە هەموو ئوستوورە ومێژوودا تێدەپەڕێ و ئێجگار خز و «سەییال»و سرکە و بە تەمهیدێکی داستانی لە زمانی «من»ەوە ولەگۆشەنیگای یەکەمکەسی تاکەوە دێتە زمان، ئەویش لەناو چیرۆکێکدا کە «تۆ» ئەینووسی/بۆ روونکردنەوەی ئەم جورە داهێنەرییە ئاماژە ئەکەمە رۆمانی «**چاە بابل**»ی رەزا قاسمی روماننووسی فارس و **باڵندەکانی دەم** بای عەتا نەهایی..

**١ – ٢** یەکەم کەسی تاک: «**چاوەکانیان کردمەوە،کچێکی رەش ئەسمەری چاوشەرابی بەرامبەرم وەستابوو، دڵنیابووم بۆخوی بوو...بەهێمنی پێم گوت زین..خاتووزینەکەم**»

لێرەا ئەو وەک کەسایەتییەکی میژوو - ئوستوورەیی لە بەیتەکوردییەکاندا/واتە کاکە مەم دێتەگەڕ کە ئینکار دەکرێ

**١ -٣** «**وەبیر قسەکەی مەسیح کەوتمەوە کە بە پێترووسی گوتبوو: پێترووس بەیانی پێش ئەوەی کەڵەشێر بۆ جاری دووهەم بانگبدا تۆ سێجار من ئینکار ئەکەیت**» لیرەدا دیسان لەزمانی یەکەمکەسیتاکەوە«**ئەو**» دەبێ بە مەسیح و ئینکار ئەکرێ و هێڵی زەمان بەرەو دواوە ئەچێ..

**١ –٤** زمانی منی دوهەم یان دووهەم کەسی تاک کە لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووسە:

«**لەدوایین بەشی چیرۆکەکەتداسێ نوقتەت دانابوو و لە کۆتاییشدا وشەی پێشەوا.**

لێرەدایە کەکەسایەتی **ئەو** روون دەبێتەوە واتە کەسایەتی ئەم چیرۆکە بە تاوانی ئەوەی کە لە مەسیح یان پێشەوا دەچێ/کە هەردووکیان رەمزی مەرگی مەزڵوومی بێتاوانن / ئینکار دەکرێ و حوکمی ئێعدامی بۆ دەردەکا/ دوایین وشە واتە پێشەوا لەم چیرۆکەدا بە چەشنێکی دیکەش راڤە دەکرێ کە مەودایەکی دیکەی پێویستە..ئەم چیرۆکە لە راستیدا باسی دوایین شێوی مەسیحە کە لە مەرگی ناسری تێدەپەڕێ ودەبێتە یاسای ئەبەدی جیهان و خیانەتیش وەک هەمیشە تا دەورەی مۆدێرن و پاش مۆدێرن هەر هاورێیەتی...دال»ی «ئەو» لەم چیرۆکەدا بۆوەی نەهاتۆتە راهێڵان کە دواجار چێژی گەیشتن بە «مەدلوول»ێک بداتە خوێنەر، بەپێچەوانەوە خوێنەر بەو«دال»ەوە دەبێ

بەردەوام ئەملاولا و ئەمکات و ئەوکات بکا بۆوەی هەرگیز نەگاتە«مەدلوول»ێکی وەستاو وەک دریدا ئەڵێ مانا بەردەوام ئەکەوێتەدواوە و ئەوە خوێنەرە کە بەردەوام دەکەوێتە ناو گەمەیەکی زمانییەوە کە چیرۆک بێت..

باسی ئەو تەنیا لەم چیرۆکەدا نیە کە هاتۆتە رووبەری زمانی چیرۆک. هەموو ژیان و ئەندێشەی مرۆڤ لە پانتای ئوستوورە و مێژوو و هونەردا لەگەڵ ئەو **ئەوە** کێشەی هەبووە..ئەوێک کە لەخۆمانەوە سەرچاوە ئەگرێ و سەرکوت ئەکرێ..لە**خولیای ناو زێرابەکان**دا ئانیمووس لە ناو ئاوەکەدا خۆلیای خویدەبێ وئانیما دەبێ بە ئەوێکی سەرکوتکراو..

لە« رۆمانێک پێش لەمردن»دا ئەو دیتە پانتای مێژوو و وەک «مەم» و «مەسیح» و پێشەوا ئینکار دەکرێن..و دیسان سەرکوت دەبن..ئەوئەوە بە پێی دیسان تابۆ لە چیرۆکی «دەترسم دیسان سێبەرێک وەسەر گۆڕەکەم بخشێ»بە مردووییش ئەعەددا دەکرێ.. و لە **مردنەوە** دا لە فۆرمێکی داستانی نوێ و ئەمرۆژینەدا دەکەوێتە ژێر بازجوویی و ئەشکەنجەدەکرێ و لە «یەکشەممانە سەرم لێنایەیت»دا ئەو بۆتەمریەمی موقەددەس ودادگای ئەمرۆژینە داوای سزای سەختی بۆ دەکا

یونگ لای وایە «سەرچەشنەکۆنەکانی ئانیما لە دوو سیمادا خۆی دەنوێنێتەوە: یەکەم لە سیمای دایکی ئارمانجیدا و دۆوهەمیان لە سیمای ماشووقەی خیانەتکاردا. دایکەئارمانجییەکە نوێنەری سیمای روون و یارمەتیدەری ئانیمایە و وەک مریەمی پیرۆز لەخەونەکاندا دێنە گەڕ/و هاتۆتە ناخودئاگای ئەو دەقەشەوە/و ماشووقەی خەیانەتکاریش سیمای تاریک وجادووگەرانەی ئانیمایە..»

ئەو **ئەوە** لە« خەونەکانم لەتاوسانا فێنکن» لە ژێر پۆستاڵی ئیستواردا دەپلیشێتەوە؛

«گەورەس. پیاو دەوڵەتە..هەزارهەزار سەرواز ها لە ژێرەسیا، وەختێ ئەقیڕنێت تواو ساختمان دەنگ ئەداتەوە، سەرواز هەس لەعزرەتا خوەی تەڕ ئەکا! دایکم ئەزانێ کەماڵ خاترخای ژیلاس/کەکچی ئستوارە/....مەغوبیە رۆژێک کەماڵیان لە پشت دیوارەکۆنەکەی مزگتا دیوولارکەلارک سەری کوردەناو مردەشۆرخانەکا وهێڵنجی ئەداو خوێنی قەی ئەکردەوە..دایکم وتی «کارئەو باوە حیزەس»

لە «**کە شەویک میوانتان نەهات..**»یش دا **ئەو** بۆتە کەسایەتی هەموو ئەوانەی کەبەردەوام ئەم پرسە سەرەکییە لە ئەدەب دەکەن:«ئەوە راستە کە ئیتر رێیەکت بۆ نەماوەتەوە و دەبێ بمری»

چیرۆکی ئەو رەنگە چیرۆکی خەمی ئەبەدی ژیان بێ!

**(٣)**

**ئەو** بۆچ لە ئوستوورە/ وەک نائاگای کۆمەڵ/و لە خەون/ وەک نائاگای تاک و لەمێژوودا/ وەک ئەزموونی مرۆڤایەتی/ و لەئەدەب و هونەردا/وەک لووتکەی خەیاڵ و زێهنییەتی مرۆڤ/سەرکوت دەکرێ؟

فرۆید ئەڵێ: خود پێوەندە لەگەڵ واقع و ناخود پێوەندە لەگەڵ ئەسلی چێژ..واتە ناخود کە ئەوی تربێ لەناوخۆماندایە، هەرواکە لە خۆلیای ناو زێرابەکانداهاتووەکە« لە خۆمەوە پێموایە هەست بە هاتنم ئەکەی» هەروا کە لە «دەترسم دیسان سێبەرێک وەسەر گۆڕەکەم بخشێ»داخود باسی شەڕ/کە واقعبێ/دەکاو ناخود بەرەو چێژ دەڕوا و لە مردووش تەعەددا دەکا و دواجار

هەردووکیان دەگەڕنەوە ناخۆ و دەبنە ئازاری رووحی من و گۆڕەوشاری ئەداو تەعەدا لەخود ئەکا..

ئەگەر بەبۆچوونەکەی ژاک‌لاکان‌یش لەم چیرۆکانەدا لەو **ئەوە** بکۆڵینەوە،هەر ئەتوانین تەسەوری ئەو لە خۆماندا بەدی بکەین. لاکان لای وایە ئامادەبوونی باوک لەنیوان منداڵ و وێنەی خەیاڵینی منداڵ لە ئاوێنەدا کە لەپێوەندی خۆی و دایکی ساز بووە. دەبێتە هوی جیا بوونەوەی منداڵ و دایک/لە ئەوی دی کە پرۆژەی سەقامگیربووی باوکە لە مێژوودا، ئەم بۆچوونە لە چیرۆکی «**ئەمە خەون نیە**»دا بە روونی ئاشکرا دەبێ:کەسایەتی سەرەکی ئەم چیرۆکە لای وایە «**سەربار**»بۆتە هۆی جیابوونەوەی ئەو لە دلدارەکەی و تەنانەت کاتێ سەرۆکیش/بابلێین سەردار/مردووە، دیسان تەسەووری ئەو وەک جەنازەیەک کەوتۆتە نێوان ئەو و کەژاڵ و ئەو جیاییە بەردەوامە:

**«قژەکەی کەژاڵ و روومەتی لە کفن شاردراوەی سەربار و دەستەکانی خۆم لە دووکەڵدا نوقم دەبن..دەمەهەوێ بلێم کەژاڵ دەستت بۆ ئەوەندە ساردە؟...دەستی کەژاڵ لە دەستم بادەکەوێ..تەرمەکەی سەربار و هەزاران تاڵەقژی سپی لە نێوانمان‌دایە..»**

ئەم بۆچوونە لای کارڵ گوستاو یۆنگ هەنێ ئالۆزترە: بە بۆچوونی ئەو جیاوازی و جیایی لە نێوان سەرچەشنە کۆنەکانی ئانیما و ئانیمووس‌دا رووی داوە..لە چیرۆکی «لەوە دەترسم سێبەرێک وەسەر گورەکەم بخشێ»دا فرماندە/ یان تەسەووری فرماندە /کەوتۆتە نیوان ئەمان و **ئەو** و کاتێ فرماندەش دەکەوێتە بەر تفی سێحراوی ئەو و سەری ئەتوێتەوە..ئەم خۆی بەو دەگەیەنێ و کچێنییەکە هەڵدەگرێ و هەتا هەتایە ئازارە ویژدانییەکەی فرۆیدی تووش ئەبێ و دوای مردنیش گۆڕەوشاری تۆڵەی لەکول نابێتەوە.. بەڵام ئەوەی «دەترسم دیسان سێبەرێک..» دێنێتە پانتای زمانی کورتە چیرۆکەوە ئەم چەمکە ئوستوورەیی رەوانی‌یانە نیە، بۆ وەی بارت گوتەنی:« لەبەر ئەوەی ئوستوورە گوتەیە هەرچییەک بە ئاخاوتن بتوانێ بێتە دەربڕین ئەتوانێ ئوستوورەش بێت..ئوستوورە نەک بەهۆی بابەتی پەیامەکەیەوە بەڵکوو بەیارمەتی چۆنیەتی دەربڕینیەوە/واتە زمانەکەی/دیاری دەکرێ؛

**«دوایە چەکەکەم هەڵداشت، دوو تەقم لە قۆناغە کائوچۆیی‌یەکەی کرد..نەمدەزانی کەوتوومەتە بەر نفرەتی کێ؟؟ و ئەو چەکەش بۆ خۆی هاوێشتۆتە سەر شانم ئێستاش لیچی لێ هەڵقورتاندووم و لێم دەڕوانێ.. بەدەم ئاوڕدانەوەی ئەو پیلم کۆکردەوە»** دەترسم یسان سێبەرێک..

زمانی ئەم چیرۆکە زمانێکی ئێجگار دوولایەنەیە؛ زمانی **خود** کە بەردەوام لە رێگەی منۆلۆگەوە باسی تاڵی ژیان و شەڕ و کوشت وکوشتاری واقیع دەکا بە دەستی **ئەم و ئەمان** بێ‌ئەوەی بزانن بۆ چی؟ «**جەغزی مەگەسەکی تفەنگەکان و دووربینی وەک چاوی گورگی قەناسەکان ئەیانڕوانییە هەموو لایەک..دوایە ویڵ و ماخولیا ئەبوون هەتا لە سەر ئەو کەوڵە خاکی‌یانە/**کە رەمزی جل وبەرگی سەربازییە/**بحەسێنەوە..دوایەش شریخەیەک دەکێشراوە سەر لاپاڵەکان و کەوڵی خاکی بەرمانی سوورسوور ئەکرد..هەی لەو شریخانە..لەو وچانەدان لەناو زگی دووربینانە!! ئەمن تا دوێنێ چ نەبووم ..ئێستا بوومەتە دوژمن و دوژمنیشم بۆ سازبووە..**» ئەمە زمانی ئەو خۆدەیە لە دەقدا کە بە فرمانی فرماندە هەڵس‌وکەوت ئەکەن و کە فرماندەش نامێنێ.. بە پێی یاسای ئەو تەعەددای مردووش ئەکەن واتە زمانەکەی تر دێتە گەڕ زمانی دووهەم-زمانی ناخودە کە لەو شەڕ و نەگبەتەش‌دا لە دووی چێژدەگەری و ئەشکەنجەی رۆحی بەر ئەکەون . ئەم بەشەی زمان ئێجگار دەروونی یە و تەنیا وەک مقاشی زێهن هاتۆتە زمان و لەگەڵ وەهم و ناخودئاگادایە

**«کفنێکی سپیم لەبەردا بوو... کفنێک کە جاربەجاری ڕەش پووش ئەبوو ـ ئێستاش تۆخنێکی لە سەرشارن و ملمەو گوێ دراوە ـ خوێنیش بە سەرپاشەلمدا بە پشت و ران و ئەژنۆمدا ـ بە ناو وردە مووەکاندا سێلاوگە ئەبەستێ/ئەوە چ کابووسێکە/ کە هەر کات چاو لە ئاگر ئەکەم دێتە ناو خەوەکەمەوە ـ ئەوە گوێ چ تۆ لەیەکە/پێشتر با بێ ئازادی لە روانگەی فرۆیدەوە کورد بوو/بەر ئەبێتەوە گیانم ئەو درۆە زەرکانەش بۆ لە چاوم سەوز ئەبن...»**

**«شەوێک هاتوو خوڵی سەر گۆڕەکەمی لادا ـ بۆنی کرد. هەتا گەیشتە سەر گۆڕەکەم ـ دوایە بە پەنجە ڕەشەکانی خێرا خێرا قورسایی خۆڵ و بەری لە سەرلادام کەف و کۆڵی لە زار ئەرژایە خوار هەوەڵ جار کە چاوم کردەوە دیتم دارێکی گەورە، لە سەر سەوز بووە و لیچێکی زل و گۆشتنی بیوەیە ... ئەو کەگەیەی لەچاومدا بیند و خاتر جەم بووم.. کفنەکەی لێ داماڵیم ـ ئەمن رلم دەکرد ئەویش بە شوێنمەوە بوو ـ دەستی دەکرد بە گەمەیە: کەمن بە سەر رووەکەم هێنا...»**/ دەترسم دیسان سێبەرێک../

(٨)

**کلیپ ئارتێکی سووررێئال یان ئانیمووسی** ** **خولیای خۆ/خوشیفتە/**

سەفەرێک لەناو دەمارەکانی خۆوە بۆ ناوخۆ و جێ ژوانی ئانیما وئانیمووس لەژێر دڵۆپەی دووشێکی حەمامدا چۆن دێتە رووبەری زمانی چیرۆک/

**تەواوی ئەم رووداوانە تەنانەت چرکەساتەکانیشی بێ پێوەندی ژنێکی مژاوی و نادیار و بۆمن خۆشەویست، خەیاڵ و ئامانجی بەیەک گەیشتن دەستەبەر نەدەکرا و منیشی ئاوا لەت لەت وپارچە پارچە نەدەکرد»** خولیای ناو زێرابەکان/دەستپێک

خودی بابەتەکە باسێکی دەروونی و رەوانییە و بە بێ زمانێکی رەوانی بێژ و شێعراوی ، بەچیرۆککردنی ئەو بابەتە ئەستەمە. لێرەدایە کە رەخنەگرانی سەردەم بەردەوام گوتوویانە کە لە چیرۆکدا، هەر ناوەرۆکێ فۆرم و زمانی دەربڕینی تابەتی خۆی دەبینێتەوە هەربۆیە منۆلۆگ و تاکبێژی دەروونی زمانی سەرەکی ئەم چیرۆکەیە؛

« ***هەربۆیە لە حەوزێکدا خەریکن دەمپاڵێون وهەرچی خرت وخاڵ بە لەشمەوە هەیە دەیشۆنەوە»*** هەروەها خولقاندنی ناشوێن و فەزایەک کە مەنتیقی چیرۆکەکە، لەگەڵ ئەوەی دا کەچیرۆکێکی زێهنی یە، بتوانی رواڵەتێکی واقیعی بنوێنێ:

**«من لەخۆمەوە پێموایە تۆش هەست بە هاتنم ئەکەی»**

بە جەختکردنەسەر «لەخومەوە» هەڵبەت ئەگەر بەمانا ئاساییەکەی نەیخوێنینەوە، وەسفی وردەکارییەکانی **ئەوە** کە لەزمانی دووهەمکەسی تاکەوە دێ و توێژە ناوخۆییەکە بە باشی روون‌دەکاتەوە. هەروەها زمانی شیعریی چیرۆکەکە لە حیکایەتی دەروون ئەدوێ و ئەمانە چرا سەوزی زمانیی چیرۆکەکەن بۆ ئەوەی بڵێ ئەو ژوانگە دەروونییە ویەکەم شەیتان لە ناو خۆماندا بدۆزینەوە وئینجا لەگەڵی تیکەڵاو بین؛

**«هەڵمێکی خەست ژووری حەمامەکە داەگرێ.. دڵۆپ دڵۆپ بە یەکەوە سەرەوژێر دەبین و بە نێو زێرابەکاندا دەڕۆینە خوار»**

خاڵی بەهێزی ئەم چیرۆکە تەخەییولی قەوی و ئیماژیک بوونی دەقەکەیەئاخر «نارسیس مەحکوومە بەوەی کە تەنیا خۆی خوش بوێت و«ئکۆ»ش ناچارە ببێ بەبەرد

(٢)

بە دزیەوە سلاو

«من لە کاوڵی رقم هەیە-کۆلانەکان حەوتەیەک جارێ دەنگی پیاوێک دووپات ئەکەنەوە»: پیالە.. دەوری.. قاولەمە»

ئەمە یەکەم گیرە کە تەونی گێڕانەوەی چیروکەکەدا و لێرەدایە هەست دەکەیت کە هاتۆیتە پانتای زمانی چیرۆکەوە واتە -رق لە کاوڵی-کە بە شێوەی نائاسایی ئەنووسرێ« من لە کاوڵی رقم هەیە»ئەمە دێڕێکە کە یەکەم پلتۆکی خۆی لەزێهنی رەخنەگر ئەدات بۆ وەی خوێنەری ئاسایی لای وایە دەبوا ئەمەی بخوێندایەتەوە-من رقم لەکاوڵێیە ئەمە یەکەم نائاسایی بوونی زمانی

چیرۆکەکەیە و دووهەم لقی راهێلاَن ساز دەکا، کاولێ کێیە؟ بۆ لە کاولێ رقی هەیە؟ بۆ وانووسراوە؟ درێژەی دێرەکە وەلامی پرسیاری یەکەم ئەداتەوە، کۆلانەکان حەوتەی جاریٚ دەنگی پیاوێک دووپات ئەکاتەوە ـ پیالّە دەوری قاولەمە ـ ئەمە یەکەم هەولّە بۆ ساز کردن و ناساندنی یەکەم کەسایەتی بە شێوەی ناراستەوخۆ، واتە دەق بەجێی ئەوە بلێ «من رقم لە کاولێی پیالّەو دەوری فرۆشە زمانێکی دیکە بە کار ئەهێنی و بە جۆرێک ئەو دێڕە ئاساییە ناموٚ دەکاتەوە.. بە دووی زمانی گێڕانەوە داین بۆ پرسیاری دووهەم ـ بۆ لە کاولێ رقی هەیە ـ هێشتا کەسایەتی یەکەم کەس بیچمی نەگرتووە ـ باوەکوو ـ لە راهێلانی سەرەتای چیرۆکەکەدا دەرئەکەویٚ ـ کەسێک بۆ چەند کەسێک ئامە دەنووسیٚ و نامە کە بەشێوەی نائاسایی ـ **ووس ـ وس ـ دایکم بانگم لێدەکا** ـ کۆتایی پێدی ـ باوەکوو چیرۆکەکە لە زمانی منولۆگ کەلّک وەرئەگری، بەلاّم پێکهاتی چیرۆکەکە لەسەر «حەرەکەی پاژ بۆ گشت رۆنراوە واتە پاژێک ئەنوێنریٚ و ئینجا بەرەبەرە دێتە بەرەوە و کلووزئاپ دەکریٚ

ئەوەی لەم چیرۆکەدا بەرچاوە چونیەتی ناساندنی کەسایەتی‌یەکانە کە بە پەلە و ناراستەوخۆ دێنە ناومنولۆگ یان بەچەند وشەی دیالۆگێک ئەناسرین، بۆ وێنە ئەگەر بمانەویٚ ناریٚ گیان و هەناریٚ و باوانیٚ بناسین هەر ئەم لەتە دیالۆگە بە سە ، «**شوورەییە کچیٚ بووکەلّە بۆ کچی عازو**» واتە ئەوانە هەمووی بووکەلّەن و کەسێتی سەرەکی چیرۆکەش تازەعازەو.. یان بۆ ئەوەی دەروونی کاولیٚ بناسێنی دەلّیٚ **ئەو گیافانەش بۆنی لەشی دایکم**..یانی لەگەلّ دایکم بەقەدەر هەموو ژنەکانی دیکە پێوەندی هەیە هەر بۆیە «من لە کاولێ رقم هەیە»ش هۆکارەکەی روون دەبێتەوە.
خالّی بەهێزی زمانی لەم چیروکەدا هەلّسوکەوتە لەگەلّ عەبە رەش ـ عەبەرەش حەزە سەرکوتکراوەکەی بەشی یەکەم کە لە دلّ خۆشیەوە ناوێریٚ باسی بکا و ئەیلکێنی بە یەکیٚ لەوەبووکەلانەوە «عەبەرەش و کاولێش بەقەد ئەم شارە مندالّیان ئەبیٚ ..

---------------

- : لەو فستیوالّەدا پازدە چیرۆکی کوردی هاتنە کێبڕکێوە و ئەو چیرۆکانەی لەم وتارەدا نادەبرێن لە چیرۆکانەن:

«**ئەمە خەون نیە**» نووسینی عەلی دەسمالّی

«**ئەترسم نیسان سێبەرێک وەسەر گۆڕەکەم بخشیٚ**» نووسینی محەمەد رەحیمی

«**مردنەوە**» نووسینی محەمەد ئەردەلاّن

«**خەونەکانم لە تاوسانیشا فێنکن**» نووسینی تۆفیق موشیرپناهی

«**خولیای ناو زێرابەکان**» نووسینی مامەند قادری

« **رۆمانێک پێش لە مەرگ**» نووسینی کەریم خزری

**شایەت**» نووسینی عیرفان رەسوولّی

«**مالّی بەر با**» نووسینی سلێمان دلّسۆز

«**بە نزیەوە سلاّم**» نووسینی...............

**کە یەکشەممانە سەرم لیٚ نایەبیت**» نووسینی ئومێد رحمانی

**دالّغە**» نووسینی محەمەد سدیق کەریمپوور